Dengekan

# له 44 وەزارەتەوە بۆ 16 وەزارەت
# له کۆمپانیاوە بۆ فرۆشتنی هەوا

**دڵزارحەسەن**

ASK كه ڕێكخراوێكی كوردی – ئەمریكییه و له بواری گەشەپێدانی تواناكانی كورد كاردەكات لە دوا ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە ڕێژەی هەڵاوسانی ئابوری و نرخی شت و مەك له بازاڕەكانی هەرێمی كوردستاندا لە نێوان هەرسێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك، شاری سلێمانی وەك شارێكی گرانجان بەهۆی بەرزی نرخی خواردن و پێداویستیەكانی دیكەی ژیان وەسفدەكات. ڕێكخراوی ناوبراو لەمیانەی ئەو ڕاپۆرتە تازەیەیدا كار لەسەر جیاوازی نرخی سوتەمەنی و خواردەمەنی و سەوزە و میوە و دراوو ئاڵتوون و كەل و پەلی بیناسازی دەكات. بە پێی كاریگەری و دیاریكردنی بەرزی و نزمی ڕێژەی نرخەكانیشیان ڕاپۆرتەكە دەوڵەمەندتركراوە و له لاپەڕە 18 ی ژمارە 74ی هەفتەنامەی ئاوێنەشدا وردەكاریەكانی بلاَوكراوەتەوە. ڕاپۆرتەكە دەریدەخات شاری سلێمانی بەهۆی بەرزی نرخی ئەو شتانەیەوە جیاواز له شارەكانی دیكەی كوردستان دەردەكەوێت. هەر لەهەمان ژمارەی هەفتەنامەی ئاوێنەدا لەلاپەڕە 3 و لە میانەی دیدارێكدا لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاماری شاری سلێمانی ئاماژە بەوەدراوە كە 3472 كەس دەبڵ مووچە و زیاتریان هەیە. لە دوا ئاماریشدا كە لە مانگی 2005/10 ئەنجامدراوە تا مانگی 2006/6 تەنها لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیان 328297 هەزار موچە خۆری دەوڵەت هەیە، كە لە نێویاندا 3472 هەزار كەسی دەبڵ مووچە خۆری نایاساییان تێدابووە و ئێستاش مووچەیەكان بڕردراوە. بەمەش مانگانە 347200 دۆلار گەڕاوەتەوە بۆ خەزینەی دەوڵەت، كە ساڵانە دەكاتە 4166400 دۆلار. لەو باسەدا قسەی جدی ئێمە ئەوەیە كە بڵێین شارێك ئەگەر بەو شێوەیە نرخی شت و مەك له بازەڕەكانیدا بەرز ببێتەوە. بێگومان دەتوانین ئەو ڕاستیە بدركێنین كە ئەو گرانیەش لە نەتیجەی بێ بەرنامەیی و نەبوونی سیستەمێكی ئابوری درێژخایەن بۆ كۆنترۆڵكردنی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەكان لە ناوەندەكانی بازرگانیدا هاتۆتە ئاراوە، كە حكومەت و بەرێوەبەرایەتیە داراییەكان نەیانتوانیوە بەو شێویە مامەڵە لەگەڵ دراو و نرخەكاندا بكات كە بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان گیرفانی هاوڵاتی و بازاڕدا دروست بكات. كاتێكیش نرخەكان بەو شێوەیە بەرز دەبێتەوە ئەو كاتە هاوڵاتیان و فەرمانبەران بیر لە شێوەیەكی دیكەی وەدەست هێنانی پارە دەكەنەوە كە بتوانێت لەم ڕێگایەوە هاوسەنگیەك لە نێوان گیرفان و بازاڕدا بسازێنێت. لێرەوە تاك بە شێوەیەكی نا ئاسایی و ناڕاستەوخۆ تێكەڵ بە پرۆژەی ئەو گەندەڵیە دەكرێتەوە كە لە غیابی بێ سیستەمی ئابوری و ئیداری لە دام و دامەرزاوە حكومیەكانی كوردستان هاتۆتە بوون. هەر بۆیەشە هاوڵاتیان یان فەرمانبەران هەوڵ بۆ ڕێگای جۆرا و جۆردەبەن بۆ ئەوەی بتوانن زیاد لە مووچەیەكیان دەست كەوێت، هەڵبەتە ئاشكرایە و ئەستەمیشە كەسێك بتوانێت بەوشێوە گرانیەی كە ئێستا لە بازاڕەكانی كوردستاندا هەستی پێدەكرێت بە یەك مووچە گوزەرانی بە شێوەیەكی ئاسایی تێپەڕببوێت. بۆیە دەبێت بەرپرسان بەلایانەوە شتێكی ڕۆتین بێت كە تاكەكانی كار بۆ زیاد لە مووچەیەك دەكەن، هەم لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتەكانی ئێمە لە پەنا وەزیفەكانیان دنیایەك كۆمپانیای ناشەرعی و نا حكومییان بۆ خۆیان پێك هێناوە كە ئەمە وایكردووە هاوڵاتیان لە بەرامبەر ئەو خواپێداوانە كە هەموو لایەكمان دەزانین پڕبوونی گیرفانەكانیان لە نەتیجەی بوونی ئەو گەندەڵیەدایە كە ڤایرۆسەكەی پەریوەتە جەستەی كوردستانیشەوە. هەرلێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەو تەقەشوفە ئابوری و ئیداریەی حكومەت بكەم كە ماوەیەكە بەنیازە لە 44 وەزارەتەوە كابینەكە بكاتە 16 وەزارەت و لە فرە مووچەیەوە فەرمانبەر رابێنێت لەسەر یەك دانە مووچەیی، بێگومان ئەم كارەش تا سەر نابێت مادامەكێ سنوور بۆ گیرفانی بەرپرسان و دەسەڵاتداران و خاوەن كۆمپانیا بێ مۆڵەتەكان دانەندرێت كە بەس ماوە هەوا بە پارە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشبكەن.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی " دەنگ" ی ژمارە 238ی ڕۆژنامەی كوردستان ڕاپۆرت بلاَوكراوەتەوە.